# هادی زیائەدینی:
## کە دەگەڕێمەوە سنەش، تاسەی پەیکەری مەستورە دەکەم

ئا:نوری بێخاڵی



هونەرمەندی پەیکەرتاشی ناسراوی کورد "هادی زیائەدینی" هونەرمەندێکی بە سەلیقە و پەنجە ڕەنگینە، دوا بەرهەمی کە بە گواهی زۆربەی ئەوانەی ئامادەیی بیر ئانینی مەستورەی ئەردەلان بوون، داهێنان و شاکارێك بوو بۆ خۆی، ئەویش پەیکەری "مەستورە" بوو کە لە ناوەراستی پارکی شەهید "سامی عەبدولڕەحمان" دانرا.

زیائەدینی خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، هەر لە وێش لە دایکبووە و نیشتەجێیە، لە دەرفەتێکدا ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ ساز کرد.

*چۆن و لە کەیەوە سەرقاڵی ئەو هونەریت؟

–هەر لە منالییەتی بچوکەوە عەشقی ئەو هونەرە بووم بۆ خۆم و بە بێ ئەوەی مامۆستایەکم هەبێت دەستم پێکرد.. تا دواجار زانکۆی هونەرە جوانەکانی تاران بەشی پەیکەر سازیم تەواو کرد.

*دەڵێن پەیوەندییەکی هارمۆنی لە نێوان " فۆتۆگرافی و شێوەکاری و پەیکەر سازی" هەیە، واتە لەبارەی سەلیقەی هونەری و گۆشەنیگای جوانی بینین، تا چەند ئەمە راستە؟

-راستە، پەیوەندییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، تەنانەت دەتوانم بڵێم ئەو پەیوەندیە، وەك پەیوەندی نێوان باوك و دایك و منالٚ وایە، ئەگەر ئەو دوانە نەبن، ئەوەی دواییش نابێت، بۆیە هەرسێکیشیان بە یەکەوە جوانن.

*گرنگترین کار و پرۆژە هونەریەکانت چین و لە کویٚ ئەنجامت داون؟

-گەلیٚ کارم ئەنجام داون، زۆبەیان لە ناو شاری سنەن، بەلاٚم لە شارەکانی دیکەی ئێران وەك "ئەسفەهان و قەزوین" و شاری سلێمانی کارم هەیە.. هەموو کارەکانیشم گەورە ناودارانی کورد لە خۆی دەگریٚ "مەولەوی، مام هەژار، هێمن،...هتد.

نمونەی کارەکانم "پەیکەری ئازادی" لە سنە، لە شاخی ئاویەریش کۆتەلێکم هەلٚکۆلٚیوە کە ئیلهامەکەیم لە شوێنەوارە کۆنەکانی کورد وەرگرتووە بە پانی "100م چوار گۆشە"، پەیکەری "شێخ مەحمود" لە سلێمانی، داواکاریشم پەیکەری "مستورە:یە کە لە هەولێر داماننا.

*جیاوازی نێوان کارەکانی‌تر و پرۆژەی "مەستورە" لە چیدایە، ئەگەر هەبێت؟

-بەرلەوەی لە لایەن کاك "بەردران" و دەزگای "ئاراس" داوام لێبکرێت، بۆ خۆم چەند تابلیەکی مەستورەم کێشابوو، چوون ئەو ناودارە پەیوەندیەکی رۆحی پێمەوە هەیە، بۆیە کۆی توانا و سەلیقە و شەونخۆنی خۆم بۆ تەرخان کرد.

*هەست بە چی دەکەیت، کە سەرەڕای گەڕانەوەشت بۆ سنە، بەلاٚم بەردەوام لە تەك پەیکەری مەستورەدا و نەوە دوای نەوە " زیائەدینی" لە باشوری کوردستان بە زیندوویی دەمینێتەوە؟

-ئەوە بۆ من بەختەوەری و شانازی و سامانیٚ:یٚ گەورەیە، دلٚنیابە کە دەگەڕێمەوە و زۆر تاسەی ئەو پەیکەرە دەکەم، ئەوە هەلٚێك بوو بۆ من رەخسا، چونکە خەونێکی گەورەی من بوو.

*ئاستی هونەری پەیکەرتاشی لە نێو کوردا چۆن دەبینی؟ لە نێو پەیکەرسازانی کورد کیٚ سەرنجی ڕاکێشاوی؟

–ڕاستیەکەی هونەرمەند "دارا حەمە سەعید" بە هونەرمەندێکی باش دەبینم، تەنانەت مامۆستاکەی خۆم لە زانکۆی تاران سەرسامی خۆی بە کارەکانی ئەو هونەرمەندە کوردە ناشارێتەوە. بەڵام بۆ ئاستی هونەری پەیکەرتاشی کوردی، هێشتا زۆرمان ماوە بگاتە ئاستی پێویست، بەڕای من ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو قەدەرە شومەی کە هەلی لەبار بۆ ئێمەی کورد نەڕخساوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت هێشتا گیرۆدەی ئەو ئاریشەیەین.. من ئەمڕۆ وەك هونەرمەندێکی کورد شوێنێکم نیە بۆ کار کردن، بەو هیوایەی هونەرمەندانی دوای ئێمە ئەو هەل و زەمینەیان بۆ بڕەخسیٚ و بگەنە ئەو ئاستەی کە دونیا دەیخوازیٚ.

*ئەو جموجۆڵ و ئاڵوگۆڕە رۆشنبیری و هونەرییەی نێوان رۆژهەلاٚت و باشوری کوردستان چۆن دەبینی؟

–دیارە ئێمەش وەك کورد، وەك هەر مرۆڤێکی‌تر نیازی رۆحیمان هەیە، پەنجەرەی هونەری و رۆشنبیری ڕەنگە باشترین دەلاقەی دەرخستنی ئەو نیازە بێت، ئەو جموجۆڵە هەیە باشە، بە تایبەت لەم سالاٚنەی دواییدا، بەلاٚم بەش بە حالٚی خۆم هێشتا زۆر رازی نیم، چونکە لە باری دیالۆگی ئەو گرد بوونەوە و بزاڤانە باشن، بەلاٚم دەرەنجامەکانی زۆر کلاسیکی و لاسایی کەرەوەیە، بەو ئومێدەی لە ئایندەدا بەرنامە و پرۆژەی جددی ترمان هەبێت.

*ئەگەر داوات لێبکەن لێرە ببێتە مامۆستا و لە بەشی پەیکەرسازی پەیمانگایان ئەکادیما وانە بلێتەوە، چی دەڵێیت؟

–من لە ئێران لە زانکۆی تاران ئەو داوایەیان لێکردم، بەلاٚم نەمکرد، چونکە پێم وایە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان وانە گوتنەوە و کارکردندا هەیە، من کۆمەڵێ قوتابیم پێگەیاندوون و ناردوومن بۆ زانکۆی تاران، نەك لە بواری پەیکەرسازیدا، بەڵکو لە بواری شێوەکاریشدا، دیارە ئەو داوایە بۆ من شانازییە، بەلاٚم دیارە ئێستا وزە و خوێنی گەنجج و کەسی وا هەن، دەتوانن کاری من تەواو بکەن.

* زیائەدینی لە روخساردا زۆر شەرمن و هێمنە، ئەوە سروشتی خۆیەتی، یان رێکەوتە وا دەبینم؟

–من هێند نائارامم، نەخۆشییەکم هەیە و زۆر نیگەرانم، پزیشك دەڵێ هۆکارەکەی زۆر بیر کردنەوە و قووڵ بوونەوەیە... بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بە سروشتی خۆم حەز لە ئارامی و هێمنی دەکەم.

*پەیکەری "مەستورە" بە تایبەتی و ئەوانی تریش پیشان دەدەن کە سەلیقەیەکی جوانت هەیە تۆ چی دەڵێی؟

–زۆربەی خەڵکی تریش وزا دەڵێ، تەنانەت هونەرمەندان و پسپۆرانیش، بەڵام من نەك لە خۆم بایی نیم بەڵکو ئەوە هانم دەدات وتارەکانم باشتر و بە پێزتر بکەم.